## کورتە ناسینێک لەسەر  پێنی نێونەتەوەیی و ناوەندی پێنی کورد

پێنی نێونەتەوەیی ڕێخستنێکی نووسەرانی نێونەتەوەییە کە لە ساڵی 1921 دا دامەزراوە. لە ساڵی 1921 دا و لە شاری لەندەنی بەریتانیا، نووسەرێک بە ناوی (کاتارینا ئەمی داوسۆن سکۆت) یانەیەکی نووسەرانی چێکرد. ئەو یانەیە بووە بنەمای پێنی نێونەتەوەیی. لەناو ئەندامەکانی پێشوودا، کەسانی ناوداری وەک؛(یوسف کۆنراد،گیۆرگ بێرنارد شاو و هێربێرت ویل) هەبوون. لەدرێژایی ساڵیشدا، کەسانی وەک( ئەناتۆلە فرانک ، پاول ڤالەری ، تۆماس مەن ، کارک کاپێک ، ئەلبێرتۆ مۆراڤیا ، ئارسۆر میللەر ، پیرێ ئیمانۆێل، هاینریش بۆل ،ماریۆ فارگاس لۆسا و گیۆرگ کۆنرات ) دەووری گرنگیان هەبووە. هەتا سەرەتای ساڵی نەوەدەکانیش، بە کۆمەڵەی پێن دەوترا ( یانەی پێن). وشەی (پێن) یش لە پیتەکانی سەرەتای سێ وشەی **poets** (هەڵبەستەوان) و **Esseysts**(کورتەچیرۆک نووسی) و **novelists** (ڕۆمام نووس) پێکهاتووە. وشەی پێنی ئینگلیزیش، وشەی پێنووسمان دەخاتەوە یاد. ئامانجی پێنیش، بەرەو پێش بردن و پاراستنی وێژە و کولتووری نەتەوە جۆربەجۆرەکانە و پێکهێنانی تێکەڵی لێک نێزیک بوونەوەی نووسەران لە یەکتر. بەڵام پێنیش لە لایەن ( ئونیسکۆ) و( نەتەوە یەکگرتووەکان) ەوە، وەک دەنگی ویژدانی نووسەران دێتە قبووڵ کردن. لەناو پێنی نێونەتەوەییدا چوار کۆمیتە هەیە، کە کاری پشتگیری و ڕامیاری دەکەن. کۆمیتەی نووسەران لە زینداندا، کۆمیتەی وەرگێڕان و مافی زمان، کۆمیتەی نووسەرانی ژن و کۆمیتەی ئاشتی.
ئەمڕۆکە پێنی نێونەتەوەیی 142 پێنی نەتەوەیی لە خۆ گرتووە. نووسینگەی پێنی نێونەتەوەیی لە (لەندەن_ بەریتانیا) یە. سەرۆکی پێنیش نووسەری چیکی (ژێری گروسا) یە. سکرتێر و بەڕێوەبەرانی پێنی نێونەتەوەیی، لە کۆنگرەی ساڵانەدا هەڵدەبژێردرێن. زمانی فەرمی _ ڕەسمیش، ئینگلیزی، فەرەنسی و ئیسپانییە.

### دامەزراندنی ناوەندی پێنی کورد

لە کۆتایی ساڵی 1980 دا،نووسەری کورد حوسێن ئەردم و هاوسەرەکەی ئامینە ئەردم و چەند نووسەری تر، هەوڵی دامەزراندنی ناوەندی پێنی کوردیان دابوو.
بە هاوکاری پێنی نێونەتەوەیی،لە کۆنگرەی مانگی نیسانی ساڵی 1988 داو لە شاری (کامبریج) ،پێشنیاری پێکهێنانی ناوەندی پێنی کوردی کرا. لە دەنگداندا هەموو ئەندامەکان پشتگیری پێکهێنانی پێنی کوردیان کرد. بەمجۆرەیش پێنی کورد بووە ئەندامی پێنی نێونەتەوەی. ئەوە بۆ جاری یەکەم بوو لە دێرۆکدا، کە

ڕێکخراوێکی نەتەوەیی کوردی و لەسەر بنەمای یەکسانی ،وەک یەکبوون،ببووە ئەندامی ڕێکخستنێکی نێونەتەوەیی.
پاش خەباتێکی فەرمی_ ڕەسمی!_ ،لە بەهاری ساڵی 1990 دا پێنی کورد لە لایەن دادگەی هەرێمی و فەرمانگەی باجی شاری (کۆلن) ی ئەڵمانیاوە، ناونووس و تۆمارکرا. دامەزرێنەرانی ناوەندی پێنی کورد، ئەم بەڕێزانەن: حوسێن ئەردەم،ئامینە ئەردەم،یایلا مۆنش _ بوجاک، حەیدەر ئیشک،عەبدولڕەحمان نەقشبەندی و حوسێن کارتاڵ.
هەڵبژاردەیەک لە چالاکییەکانی پێن :

- بە دەیان کۆبوونەوەی وێژەیی، بۆ نووسەرانی کورد و بیانی.
- کۆبوونەوەی ڕۆشنبیری و سیاسی. بۆ نموونە: کۆنفرانسی ساڵی 1999 لە پەرلەمانی ئەوروپا. کۆنفرانسی شاری ئامێد- دیاربەکر- لە ساڵی 2005 دا و لە ژێر دروشمی : پڕڕەنگی کولتوری- کولتووری ڕەنگاوڕەنگ-. لەتەک پێنی تورک و پێنی نێونەتەوەییدا.
- سەردانی فەرمی بۆ باشووری کوردستان لە ساڵی 2005 دا.
- لە کۆنگرەی پێنی نێونەتەوەییدا، داواکاریی لەسەر ئازادی زمان و وێژەی کوردیی، کرد و چەسپاند.
- ماڵپەڕ بە زاراوە کوردییەکان و پێنج زمانی دی.(www.pen-kurd.org)
- تێکۆشانی سەرکەوتووی نێونەتەوەیی، بۆ ئازادکردنی نووسەران( ئەدیب پۆڵات، لایلا زانا، مەروان عوسمان، دوکتۆرڕوعیا تلوعی و شێرکۆ جیهانی).
- پێشنیار بۆ دروستکردنی کۆمیتەی نووسەرانی ژن، لە چوارچێوەی پێنی نێونەتەوەییدا.

ناوەندی پێنی کورد، هەمیشە دەووری خۆی لە کۆمیتەی ناونەتەوەییدا دەگێڕێ.
ئەم کۆمیتانەیش دەگرێتە خۆ: کۆمیتەی ژنان، کۆمیتەی ئاشتی، کۆمیتەی وەرگێڕ و مافی زمان، کۆمیتەی نووسەرانی زیندانی.
ناوەندی پێنی کورد، بەشداری کۆنگرەی پێنی نێونەتەوەیی ساڵانە و کۆنفرەنسی کۆمیتەکان دەبێت.
ڕێبازی ناوەندی پێنی کورد، لە کۆنفرانسی (ئەکادێمیای کلاوزنهۆف –ئەڵمانیا) کە لە 1- 3 ی مانگی شەشی 2007 دا گیرا، گۆڕانی تێدا کرا و دەبێت لە کۆنگرەی پێنی ساڵی 2009 دا دەنگی لەسەر بدرێت.
ئەمڕۆکە لە ناوەندی پێنی کورددا، 83 ئەندام و ئەندامی پاڵێوراو هەن. کە لە وڵات و یانیش دەرەوەی وڵاتدا دەژین.
ئەندامەتی ساڵانە بۆ کەسانێک کە لە بەشەکانی کوردستاندا و یانیش لە کۆمارە سەربەخۆکانی ( سۆڤیەتی بەریدا) دەژین،30 یۆرۆیە. بۆ ئەندامەکانیش دیش 60 یۆرۆ.

لە کۆنگرەی نیسانی ساڵی 2006 دا، کۆمیتەی بەڕێوەبەر لە پێنج کەس هەڵبژێردران:
دوکتۆر زەردەشت حاجۆ، سەرۆکی ناوەندی پێنی کورد.
مستەفا ڕەشید، جێگری سەرۆک و بەرپرسیاری ئینتێرنێت.
دوکتۆر زۆراب ئەلۆیی، سکرتێر و سەرۆکی کۆمیتەی وەرگێڕان و مافی زمان.
بێریڤان دۆسکی، ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەر.
مەمۆ شاهێن، سەرۆکی کۆمیتەی نووسەرانی لە زیندان و بەرپرسی دارایی.

بە بڕیاری کۆمیتەیش 15 کەسی تر بۆ کاری تایبەتی دەستنیشان کران :
کاکشار ئۆرامار، جێگری ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەر.
یونس بەهرام، جێگری ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەر.
سیمین چایچی، سەرۆکی کۆمیتەی نووسەرانی ژن.
سادات یۆرتاش، سەرۆکی کۆمیتەی ئاشتی و نوێنەری ناوەندی پێن لە باکوور.
عەبدولڕەحمان نەقشبەندی، نوێنەری ناوەند لە باشوور.
بێوار ئیبراهیم، نوێنەری ناوەند لە باشووری ڕۆژئاوا و بەرپرس بۆ زمانی عارەبی.
عەزیز نیعمەتی، نوێنەری ناوەند لە ڕۆژهەڵات.
عەزیزێ جێۆ مامۆیان، نوێنەری ناوەند لە ڕووسیا و بەرپرس بۆ زمانی ڕووسی.
پرۆفیسۆر دوکتۆر کنیاز ئیبراهیم میرزیییێڤ، نوێنەری ناوەند لە ئاسیای ناوەند.
سەلوا گولی، نوێنەری ناوەند لە سکاندناڤیا.
ڕیکاردۆ گوستاڤۆ ئێسپیا، نوێنەری ناوەند لە ئەمریکا و بەرپرس بۆ زمانی ئیسپانی.
ئەنوەر محەمەد ئەحمەد، بەرپرس بۆ زاراوەی کرمانجی ناوەڕاست (سۆرانی)
ڕۆشن لەزگین، بەرپرس بۆ زاراوەی دەملی—زازاکی.
دوکتۆر عەلی کلچ، بەرپرس بۆ زمانی فەڕەنسی

دوکتۆر زۆراب ئەلۆیی
سکرتێری ناوەندی پێنی کورد
برێمن، کۆماری ئەڵمانیای یەکگرتوو
8 ی حوزەیرانی ساڵی 2007